www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-12-2006 15:38

# سعودیە بنکەی سەرهەڵدانی ئیسلامە بەڵام وڵاتی مەلائیکە نییە!! ... مەریوان نەقشبەندی

عەرەبستانی سعودیە



رەنگە خەڵکی کوردستان و زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامیەکان پێیان وابێت خەڵکی سعودیە لەهەموو گەلێکی دیکەی سەر رووی زەوی دیندارتر بن و بەویژدانتر و بەبەزەییتر بن، ئەم تێڕوانینەش لەلای ئەوکەسانەی سەردانی سعودیەیان نەکردبێت زۆر ئاساییە چونکە سعودیە جگە لەوەی (کەعبەیپیرۆز) ی قیبلەی موسڵمانانی لێیە مەزار و مزگەوتی پێغەمبەری ئیسلام (محەممەد ئەلمستەفا) ی لێیە (د. خ)، هەروەها مەزار و مەزارگای هەزاران سەحابە و پیاوچاك و چەندین شوێنی وەك (عەرەفە و ئەشکەوتی حرا و کێوی نوور و گۆرستانی بەقیع و مزگەوتی قوبا و قیبلەتەین و شوێنەواری شەرەکانی ئوحد و خەندەق و... هتد) ی لێیە، لەپێش هەمو ئەمانەشەوە سعودیە جێگای سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری ئێجگار فراوانە و لەسەرتاسەری جیهاندا ناوبانگی هەیە و رەنگە شوێنێك نەمابێت لەم جیهانەدا کە ناو و ناوبانگی ئیسلامی (بەچاك یان بەخراپ) نەبیستبێت.

بەڵام ئەمانە هەمووی ناکاتە ئەوەی کە وڵاتی سعودیە و کۆمەڵگای سعودیە لەدیاردەی سەیر و سەرسوڕهێنەر و نامرۆڤانە بەدەربێت و رەنگە هەندی لەو دیاردانە لەسەرتاسەری جیهاندا و لەلای هیچ نەتەوە و قەبیلەیەکی سەردەمی بەردیشدا نەبوبێت. لەوانە:

- ئەگەر کەسێکی سعودی کەسێکی غەیرەموسڵمان لەناو سعودیەدا بکوژێت بەهەرهۆیەك بێت و کەسە کوژراوەکەش هیچ تاوانێکیشی نەبوبێت، ئەوا ئەو بکوژە حوکم نادرێت و بە (فدیە) ئازاد دەکرێت.

- خەڵکی مەککە (زۆربەیان) هێشتا شارەکەیان بە داگیرکراو دەزانن و هەندێکیان دەڵێن مەککە شاری قورەیشیەکانە و ئیسلامەکان بەزۆر کردویانەتە قیبلەی خۆیان، ئەگەر سەیری مامەڵە و تێڕوانینی زۆربەی دانیشتوانە راستەقینەکەی شاری مەککە بکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی سعودیە دێن بۆ حەج زۆر بەڕوونی ئەم راستیەت بۆ دوپات دەبێتەوە.

- لەوەرزی حەجدا هەر کەسێکی غەیرە موسڵمان تەنانەت ئەگەر بە ناشارەزایش لەناو شاری مەککەدا بگیرێت ئەوا لەسێدارە دەدرێت، بەڵام من ئەمساڵ پەیامنێرێکی کەناڵی (cnn) م لە نزیك کەعبەی پیرۆزدا بینی کە بەیاوەری چەند کەسێکی سعودی وێنەی دەگرت و دیمانەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد و کاتێك ویستم وێنەی بگرم پۆلیسی سعودیە رێگایان نەدا و نەیاندەهێشت هیچ حاجیەکیش وێنە لەناو حەرەمی کەعبەدا بگرێت.

- رۆژنامەی (ریاز) ی سعودی لەژمارەی رۆژی2006\12\15دا بڵاوی کردۆتەوە کە ساڵانە لەناو شاری مەککەدا بایی (150ملێۆن ریال) ی سعودی مادەی چالاککەری جنسی دەفرۆشرێت و ئەم بازرگانیە لەوەرزی حەجیشدا بەردەوامە و پێشبینی کردوە کە ئەمساڵ ئەو بازرگانیە زیاتربێت و بگاتە (200ملێۆن ریاڵ) .

- ئیسلامەتی و حوکمی شەریعەتی ئیسلام تەنها لەهەردو شاری مەککە و مەدینەدا هەست پێدەکرێت کە دیارە حاجیانی دەرەوەی سعودیە دەبی لەم دووشارەدا نیشتەجێبن و دادگاشەرعیەکانی سعودیە دوور لەچاوی کەناڵەکانی راگەیاندن ساڵانە لەوەرزی حەجدا دەستی (100-150) کەس لەسەر

دزیکردن لەناو ئەم دووشارەدا دەبرنەوە و کەمئەندامی دەکەن و ناچاری دەکەن رێگای سواڵ (دەرۆزە) بگرێتەبەر، کەچی ئەم حوکمە لەشارەکانی ریاز و جدە و خوبەر و زۆربەی ناوچەکانی دیکەی سعودیەدا نابینرێت و سواڵکەرێکی یەمەنی پێی گوتم لەو شوێنەی کە بەشمشێر دەستیان بڕیمەوە دوو سعودی لێبو کە دزیەکەیان زۆر لەدزیەکەی ئێمە گەورەتربوو بەڵام بە فەرمانێکی تایبەتی هەردوکیان ئازاد کران و لەبەردەم گیراوەکانی دیکەشدا داوای لێبووردنیان لێکردن.

– سەرۆکی لیژنەی مافەکانی ئافرەت لەسعودیە ئاشکرای کرد کە دیاردەی هەڵاتنی کچە خزمەتگوزارە ئاسیاییەکان کە لەناو ماڵەسعودیەکاندا کاردەکەن روو لەزیادبوونە و زۆربەی ئەوانەی هەڵدێن روو لە چەندین جێگای تایبەت بە لەشفرۆشی دەکەن و پۆلیسی سعودیەش ئاشکرای کرد کە دیاردەی لەشفرۆشی و جێگای (بەد رەوشتی) لەسعودیە ئێجگار بەرفراوان بووە و تەنها بەندیخانەی (ملز) ە کە تایبەتە بە ئافرەتان زیاتر لە 1200 ئافرەتی زیندانی تێدایە لەکاتێکدا ئەو بەندیخانەیە تەنها بۆ زیندانیکردنی 500 ئافرەت دەست دەدات.

– بۆ بڵاوکردنەوەی فکری وەهابی و سەلەفیەت وەزارەتەکانی ئەوقاف و حەج و ئیرشادی دینی سعودیە ساڵانە ملێۆنەها نامیلکە و کتێبی جۆراوجۆر بە دەیان ملێۆن دۆلار بەخۆرایی بەسەر حاجیانی جیهاندا (بەئیجباری) دابەش دەکەن و دەیانەوێت شێوازی عیبادەت لەئیسلامدا لەسەر رەوتی وەهابیەکان بێت بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ ئەم پلانە شکستی زیاتر دێنێت و ئەمساڵیش چاپکردن وبڵاوکردنەوەی بیبەرامبەری 14 ملێۆن نامیلکە و بڵاوکراوە سعودیە نەیتوانی حاجیانی ئەندۆنیسیا و مالیزیا و پاکستان و ئەفغانستان و بەنگلادیش و هندستان و ئێران و فلیپین و نەیجیریا و کوردستان و ئۆزباکستان و تورکمانستان و مەغریب و چین، ناچار بکەن کە شێوازی عیبادەتیان لە تەسەوفەوە بۆ سەلەفیەت بگۆرن کە حاجیانی ئەم وڵاتانە 65%ی هەمو ئەو حاجیانەیان پێدەهێنا کە ئەمساڵ هاتبونە سعودیە.

– تەنهالەوەزی حەجدا ساڵانە لە سعودیە نزیکەی 3 ملێۆن گیانداری وەك مەڕ و حوشتر و بزن و.. هتد سەردەبڕێت و حاجیانی جیهانیش سود لەگۆشتی ئەم قوربانیانە وەرناگرن، بەڵکو لەلایەن کۆمپانیایەکی سعودیەوە قوربانیەکان دەخرێنە شاحینەی گەورە و کەس نازانێت بۆ کوی دەبرێت و جگە لەو کۆمپانیا رێگا بەهیچ کەسێکی دیکە نادرێت لەوەرزی حەجدا مەڕ و بزن و حوشتر بهێنێتە ناو شاری مەککە بۆ ئەوەی قازانج زیاتر بێت و نرخی (فدیە) ی حاجیانی جیهان هەرزان نەبێت، لەگەڵ ئەم بازرگانیەدا لەشوێنی سەربڕینی قوربانیەکان حوشتر بە حاڵەتی وەستانەوە سەردەبڕن و بینینی ئەو دیمەنە چەندین کەس دەهەژێنێت و رادەیەکی ئێجگار گەورەی نامرۆڤانە لەو پرۆسەی سەربڕینە بەکۆمەڵەدا هەست پێدەکرێت.

– 85%ی پۆلیسی سعودیە کەمتر لە شەهادەی شەشی سەرەتاییان هەیە و گاڵتەشیان بە مافی مرۆڤ و بنەماکانی دێت و 46%ی پۆلیسەکانی سعودیە ریشیان هەیە.

– رۆژانە لەنێوان 350-400 کچەخزمەتگوزاری ناو ماڵە دەوڵەمەندەکانی سعودیە بەهۆی توندوتیژی ودەستدرێژی کردنەسەریان لەلایەن خاوەن ماڵەکەوە هەڵدێن و خۆیان دەگەیەننە بنکەکانی پۆلیسی سعودیە بەڵام ساڵانە تەنها 3-4 سعودی حوکم دەدرێن و ئەویش بە فدیە خۆیان قوتار دەکەن و تەنانەت رۆژانی لێکۆڵینەوەش لەناو بنکەکانی پۆلیسدا بەسەر نابەن و زۆرجار پۆلیس دەروات لەناو ماڵەسعودیەکاندا کاری لێکۆڵینەوە دەکات و لەوێش زۆر ئاساییە خاوەن ماڵ پۆلیسە نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیرەکان قەناعەت پێبکات کە ئەو کچە خزمەتگوزاران (جاریە) ی سەردەمی جاهیلیەتی عەرەبن و نابی کەس لەسەریان بەجواب بێت.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:38 26-12-2006

– زەواجی (گەشتیاری) لەسعودیە بەرەو هەڵکشانێکی بەرچاو دەروات و ئەو شۆفێرە پاکستانیەی ئەمساڵ بەکری گرتبوم تا بەدرێژایی مانەوەم لەسعودیە هاتوچۆم پێبکات پێی ڕاگەیاندم کە شیربایی کچە سعودیەك کە تۆزێك روخسار و لەشولاری جوان بێت و دەرچوی یان قوتابی کۆلیج و پەیمانگا بێت دەگاتە زیاتر سەدهەزار ریالی سعودی کەنرخی ڤێلا و ئوتومبیلێکی دوامۆدێلە، بەڵام شیربایی کچێکی غەیرە سعودی هاوشێوەی ناگاتە دەهەزار ریال.

Mariwan_na@yahoo. com